www.kurdistannet.org
6-2-2003 1:09

# ئەم نغرۆبوونی تەمەنەبەکوێ دەگات

سه لام سه عيد

پيری کۆڵانه کان ده گه ڕێ
سه رنج له ديواره کۆنه کان ده دا
له چاوی کیژه قه شه نگه کاندا
جێگه ده گرێ
ماندوويه تی خۆی له حه زێکی
به جێ ماودا جێ ده هێڵێ
منی ماندوو، . منی ساڵانی دوای شه ڕ
حه ز به جێ ژوانێکی ته ڕو و
پياسه ی بێده نگه کانی. . ئێوارانی
ناو شار ده که م
منی پير جارجار له چاوی کچاندا
مێژووی حه سرتم ده خوێنمه وه
ڕابردوو پر جنێووم ده که ن
ئه م سه رابی ته مه نه به کوێ ده گا
ئه م مه نفايه ئه زه ليیه
ئه م ته مه نه هه ره س هێنانی
مێژووی شکسته
يان مێرده زمه ی دێوی دوای جه نگ
سڵه کان ده ستيه گرتم
کاتێ مێژووی شاخم ده نووسيه وه
کاتێ ڕۆژانه هه واڵێ شه هيد بوونی
کێووێکم ده نارد
ڕووبار هه نيه ی دوای شه ڕی
ده شتمه وه
دارستان جه سته ی باوه شێن ده کردم
ته مه ن ئه وسا که نه سمه يه کی
تان و پۆ جوان بوو
لانه ی له پاڵ چه م و ره وه زه
سه رکه شه کاندا ده کرد
ئای پيری کۆڵانه کان ده گێڕێ
ئه م نغرۆبوونی ته مه نه
به کوێ ده گا.
نزای دوای شه ر چی به سه ر دێ

www.kurdistannet.org
6-2-2003 1:09

ئـه ی کاتژمێره وه ستاوه کان

تف. . . .

ئـه ی مێژووی دوای شه ڕ

تف. . . تف

تف. . . تف

١٩٩٧

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت